تەکنەلۆژیای پیشەسازی پالاوتنی نەوت

ئاماژەیەك بە هەرێمی کوردستان

ئەندازیاری نەوت: زمناکۆ سەعید

ئەگەر پێناسەی نەوت بکەین دەتوانین بڵێین بریتییە لەتێکەڵەیەکی ئاڵۆزی هایدرۆکاربۆنی کەپێکهاتەی کیمیاوی جۆراو جۆری هەیە بەهەرسێ دۆخی (گازی،شلی، ڕەقی) دەبینین،ڕەنگە کەشی دەگۆڕێ (ڕەش، ڕەشێکی مەیلەوسەوز،قاوەیی،زەرد) ئەم کانزا بەنرخە سیفەتێکی هەیە کەبەگەرم کردن پێکهاتەکانی لەیەکتر جیا دەبێتەوە،بۆ نمونە بەگەرم کردنی نەوتی خاو بۆ (٣٠٠) پلەی سەدی،سێ پێکهاتەی گرنگ جیا دەبێتەوە ئەوانیش بریتین لە (بەنزین و نەوتی سپی و گازوایل) ،هەر ئەم سیفەتەش هۆکاری دروست بونی پیشەسازی پالاوتن بوو.

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلوجیا پالاوتن تەنها بەگەرم کردن ئەنجام نەدەدرا،بەڵکو بەپرۆسەیەکی کیمیایی گەورە ئەنجام دەدرا. دەتوانرێت تەکنەلوجیای پالاوتن دابەشبکرێت بەسەر :

١-پالاوتن بەگەرم کردن و دڵۆپاندن وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بو کرد.

٢-پالاوتن بەشکاندنی بەندەکانی کاربۆن‌وهایدرۆجین لەیەکتری و پاشانیش ڕێکخستنەوەیان بەشێوازێکی نوێ (بەلەرە).

پالاوگە لەچەند یەکەیەکی یەکتر تەواوکەر دروست بووە کە پرۆسەی پالاوتن تیایدا ئەنجام دەدرێت،لەگەڵ چەند یەکەیەکی لاوەکی وەك یەکەی (میکانیکی،کارەبایی، ئامێرە وردەکان و خزمەتگوزاری) ،ئەم یەکانەش لەقەبارەدا جیاوازن بەپێی گەورەیی ئەو پالاوگەیە،یەکە گرنگەکانی پالاوگە :

* **یەکەی چارەسەرکردنی کێڵگەیی:** کاتێك نەوتی خاو لەژێر زەوی دەردەهێنرێت،دەبێت پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بەچەند یەکەیەکی چارەسەرکردن بروات، بۆ ڕزگارکردنی لە (گازی H2s،ئاو، خوێ،هەندێ گازی ناجێگیر،.....) یان هەر شتێکی زیان بەخش.

* **یەکەی گۆڕینی نەوتی لمی (sand oil) بۆ نەوتی شل**

بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت لەچیهاندا هەندێ وڵات وەك کەنەدا هەڵسان بەگێڕانەوەی ئەو بیتومینە (بیتومین لەشێوەی گلێکی ڕەشدایە ئەم گلە لەزەمەنێکی جیۆلۆجیدا نەوتە خاوە شلەکەی کۆچی کردووەو تەنها قۆپکەی ماوەتەوە) بۆ نەوتی خاو.

* **یەکەی بەکارهێنان:** کلێك نەوتی خاو ئامادە دەکرێت،ئەم نەوتە خاوە ناتوانرێ ڕاستەوخۆ یەودی لەێ وەربگیرێت،بۆیە دەبێت بگۆڕێت بۆ ئەو پێکهاتانەی کە لەبازاردا سودی لێ وەردەگیرێ ئەمیش لەڕێگەی ئەم یەکانەی خوارەوە:

١- یەکەی دڵۆپاندنی ئاسایی: ئەمە بەسەرەتای کارەکە دەژمێردێت وەك لەپێشەوە ئامادەمان بۆ کردووە نەوتە خاوەکە دەگوڕێت بۆ چەند پێکهاتەیەکی جیاواز وەك بەنزین،نەوتی سپی،گازوایل،نەوتی ڕەش.

٢ - یەکەی ڕۆن و ئەسفەلت: ئەمیەکەیش پاش یەکەی یەکەم دێت،ئەو نەوتە ڕەشەی کە پاشماوەی یەکەی یەکەمە جارێکی تر دەکوڵێنرێت تاپلەی (٤٠٠) پلەی سەدی،لەبارودۆخێکی تایبەتدا گازوایلی قورس،ڕۆنی سوك،ڕۆنی قورس،ئەسفەلت،بەرهەم دێت.

٣ - یەکەی دروست کردنی ڕۆنی چەورکردن: ئەم تەکنەلۆجیایە لەهەردوو تەکنەلۆجیای پێشوو ئاڵۆزترە،گشت جۆرەکانی ڕۆنی چەورکردن بەرهەم دێت.

٤ - یەکەی ریفۆرمین: ئەم یەکەیە وەك لەناوەیەوە هاتووە کاری گۆڕینی ریزبونی کاربۆنەکانە بۆ ریزبونێکی نوێ،ئامانج لەم یەکەیە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئۆکتانی بەنزین یان بەرزکردنەوەی پلەی سیتانی گازوایل.

٥ - یەکەی بەرهەم هێنانی گاز: جێی ئاماژە پێدانە پێش پالاوتن دوو جۆر گازمان هەیە ئەویش گازی سروشتی وگازی هاوبەش (Natural gas and Associated gas)ئەم دوو جۆرە گازە چەندەها گازی جیاواز جیاوازی تێدایە وەك گازی (H2s ،**میثان**،**ئیثان**،پروپان،بیوتان) ،بەرهۆی ئەم یەکەیەوە دەتوانرێ لەیەکتری جودا بکرێنەوە،بەکاریان بهێنین بۆ بەرهەم هێنانی غازی مالآن و کۆبریت و هەندێ گازی تر کە بەکاردێت بۆ پیسەسازی پەترۆکیمیای.

٦ - یەکەی پەترۆکیمایی: ئەمەش بڵندترین ئاستی تەکنەلۆجیای پالاوتنە،ئەم پیشەسازییە زۆر لقوپۆپداوە، دەتوانرێ نزیکەی (٢٠٠) جۆر بەرهەم بهێنێت وەك (تایەت، قوماش،پلاستیك،تایە،ئارایشت پەین،.....) کە لەژیانی ڕۆژانەماندا سودی لێ وەردەگیرێت.

ئەگەر میژووی پالاوتنی نەوت لەهەرێمی کوردستان باس بکەین دەتوانین دابەشی بکەین بەسێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم/ لەساڵی (١٩٢٧) تا ساڵی (١٩٧٢): ئەم قۆناغە بەدروست کردنی یەکەم پالاوگە دەست پێ دەکات بەناوی پالاوگەی (وەندیان ئەڵوەند) کە لەخانەقین دامەزرا لەساڵی (١٩٢٧) ،واتە پاش دوو ساڵ لەدەستپێکردنی پیشەسازی نەوت لەکوردستاندا،لەم قۆناغەدا چەندین کادری نەوتی لەکوردستان دروست بوو،بەڵام کارەکان لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا خاوەن ئیمتیازەکان بوو.

قۆناغی دووەم/ لەساڵی (١٩٧٢) تا ٥ / ١٢ /١٩٩٧

شایانی باسە ساڵی (١٩٧٢) نەوتی عێراق خۆماڵی کرا هەندێ پالاوگەی پێشکەوتوو لەشارەکانی عێراق دروست بوو،چەندین ئەندازیارو کادری کوردستانی ئەزمونیان لەو بواردا کۆکردەوە.

قۆناغی سێهەم/ لە ٥ /١٢/ ١٩٩٧ تا ئەمڕۆ

پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس ئیدارەی لەکوردستان کشانەوە گشت کادرە کوردستانیەکان لەپالاوگەکانی عێراق دەرکران،قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە،هەرێمی کوردستان پێویستیەکی زۆری بە بەنزین و نەوتی سپی و گازوایل بوو،ئیدارەی کوردی بەسود وەرگرتن لەو کادرانە پالاوگەیەکی لەشاری سلێمانی دروست کرد.

دەتوانرێ قۆناغی سێهەم لەکوردستان تەواوکاری بۆ بکرایە ئابووری کوردستانیش لەئابوری ریعیەوە بگۆڕایە بۆ ئابووری جۆراوجۆر چونکە پیشەسازی نەوت پیشەسازیەکی سیاسی،ئابووری،ستراتیجیبیە ، وەلێ ئەفسوس پیشەسازی پالاوتن بەئاقارێکی پێچەوانەوە ڕۆیشت،هەرچەندە لێرەو لەوێ گوێ بیستی دروستکردنی چەندین پالاوگە دەبین،بەڵام ئەو چالاکییانە نەزۆکن لەبەرەم ئەم هۆیانە :

1-هەندێك لەو پالاوگانە دروست بون بەئامانجی بەدەست هێنانی نەوتی خاو لەحکومەت و پاشان فرۆشتنەوەی نەوتە خاوەکە بەوڵاتانی دراوسێ.

2-ئەم پیشەسازییە قۆرغ کراوە لەلایەن هەندێ کۆمپانیای شێوە جیزبی و ئازاد نەکردنیان بۆ هەموو خاوەن سەرمایەدارەکان.

3-خراپی بەرهەمەکانی ئەم پالاوتنانە (بەنزین،نەوتی سپی،گازوایل) وای کردووە نەتوانن کێ برکێ بکەن لەگەڵ بەرهەمەکانی بازار.

4-خەم ساردی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەم بوارەدا و گرنگی دانی تەنها بەدەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی خاو.

ئەمڕۆ کوردستان بەتایبەتی وعێراق بەگشتی لەقەیرانێکی ئابووری مەترسیدار زۆربەی ئامارەکان دەریان خستوە،کە سەدا (٩٥)ی داهاتی عێراق لەفرۆشی نەوتەوە بەدەست دەهێنرێت،بێکاری ڕۆژ بەڕۆژ بەرهەمانەی لەبازاڕە ناوخۆیەکان سەرف نابن، یان ناتوانن کێ برکێ بکەن لەگەڵ بەرهەمەکانی بازار، تا هەناردەی تورکیا بکرێت.

٨-بەفیڕۆنەدانی هیچ پاشەڕۆیەکی ئەم پیشەسازییە ، چونکە لەلایەك ژینگە پاك ڕادەگیرێت و لەلایەکی دیکەوە یەدەگی نەوتی وڵاتەکەمان دەپارێزین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بەجۆراجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و بەرزبونەوەی داهاتی تاکەکەس و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.

سەرەتای پیشەسازی شێوە گۆڕی (تحویلی) کەپێشکەوتنی وڵاتانی لەسەر پێوانە دەکرێت.

4-نەهێشتنی بێکاری لەم وڵاتەدا.

5-زیادکردنی داهاتی نیشتمانی بۆ نمونە (تورکیا هەرچەندە وڵاتێکی نەوتی نییە کەچی داهاتی نیشتمانی لەم بوارەدا دوو ئەوەندەو نیوی گشت داهاتی وڵاتە عەرەبییەکانە لەو بوارەدا،ئەمیش لەڕێگەی گرنگی دانی بەپیشەسازی پالاوتن).

6-بەهەڵگرتنی هەنگاوەکانی ئاماژەکردن بۆ وڵاتی تورکیا هەرێمی کوردستان خاڵێکی بەهێزی هەیە،بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کەخۆی ناتوانێ سودی لێ وەرگرێت لەکارگەکانی وڵاتی تورکیا ساغی بکاتەوە.

لەم گوشە نیگایەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم کەحکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی تایبەت بدات بەم بوارە تەنها خەمی فرۆشتن و دەرهێنانی نەوت نەبێت،هەرچیش نییە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێ بەو کارە،بەڵکو دەتوانێت تەنها وەك ڕێکخەرێك لەنێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کارەکان ڕێك بخات،ئەم خالانەش دەخەمە ڕوو بەهیوای سود لێوەرگرتنیان:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان نیەتێکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ پێشخستنی ئەو کارە.

2-زانیاری پێویست کۆبکاتەوە لەو بوارەدا و بەرنامەکانی بۆ ڕاگەیاندن نەبێت و هۆکاری نوشستی پێشو هەڵبسەنگێنێ بەدوای کارەکانی بڕوات.

3-پسپۆری بداتە کۆمپانیاکان،هەر کۆمپانیایەك پسپۆربێت لەجۆرێك لەپالاوتن.

4-نرخی نەوتی خاو بەفەرمی بێت و بێ جیاوازی بێت،بۆ نمونە ئەگەر کۆمپانیای (A)ی نەوتی خاو لەکۆمپانیای (B) بەکەمتر دەستکەوێت،بێ گومان کۆمپانیای (B) هەرەس دێنێت.

٥-هاندانی کۆمپانیاکان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەو بوارەدا.

٦-هەماهەنگی دروست بکات لەنێوان کۆمپانیاکانی ناوخۆ کۆمپانیاکانی وڵاتی تورکیا لەلایەکی تر.

٧-کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی لەبازاڕە ناوخۆیەکان سەرف نابن، یان ناتوانن کێ برکێ بکەن لەگەڵ بەرهەمەکانی بازاڕ، تا هەناردەی تورکیا بکرێت.

٨-بەفیڕۆنەدانی هیچ پاشەڕۆیەکی ئەم پیشەسازییە ، چونکە لەلایەك ژینگە پاك ڕادەگیرێت و لەلایەکی دیکەوە یەدەگی نەوتی وڵاتەکەمان دەپارێزین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بەجۆراجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و بەرزبونەوەی داهاتی تاکەکەس و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.

ئۆپۆزسیۆن

سەرمەد رانیەیی

ئۆپۆزسیۆن.. زاراوەیەك کە لەئێستادا، زۆرتر بەکاردێت، حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاووڵاتیانیش لەژێر کاریگەری میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لەمەغزاو نێوەڕۆکی ئەو زاراوەیە باشتر گەیشتوون، بەڵام لە تاریفی گشتیدا، لەملمڵانێی پرۆسەی سیاسیدا، ڕەهەندی جیاجیای وەرگرتووە.

موعارەزەبوون، نەبەپیارو نەبەیاسا ڕێکدەخرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسیە ، لەکاتی ڕەتکردنەوەو یان تەرحکردنی بەدیلی جێگرەوەو یاخود ڕێگا لێگرتن سەر هەڵدەدات.

بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ، ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی لەڕێگای حزبەکانی، خەباتی پێشمەرگایەتییان لەشاخ بەڕێوەدەبرد، لەدوای ڕاپەڕینیشدا، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری کەوتە ئەستۆی حزبەکان و پاشان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا دووحزبە بەتەنها کۆنترۆلی هەموو داموەزگاو بەڕێوەبردنیان کرد، کەلەئەنجامی دابەشکردنی دەسەلات بەفیفتی فیفتیدا، شەڕی ناوخۆ کەوتەوە. لە ماوەی١٠ ساڵدا، هەردوو حزبی دەسەلاتدار تەواوی داموەزگاکانیان بە کادیرو ئەندام و هەوادارانی خۆیان پڕکردەوە، هەرچەندە لەودەمیشدا ، چەند حزبێکی موعارەزەش هەبوون ، بەڵام وەك ئێستا ئەو چمکە مانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەدەبەخشی.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣دا،و لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سەدام، کرانەوەیەکی جدی لەسەر ئاستی هەموو عێراق ڕوویدا، و لەکوردستانیشدا، فەزای دیموکراسی و گفتوگۆی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن ، بەئاقارێکی ئیجابیدا تێپەڕ دەبێت.

لەهەموو ئەو قۆناغانەدا، چەمکی دەسەلات و موعارەزە بوونی هەبووە، بەڵام ئەو ڕەهەندانەی کە موعارەزەبوون دەیگرتەوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو پەیڕەوەداهەیە کە ئێستا هەندێك حزبو گروپ لەژێر چەتری ناوی موعارەزەدا، پەیڕەوی دەکەن.

گەرمتربوونی ململانێی نێوان موعارەزەو دەسەلات بەماوەیەکی کەم لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ دەستی پێکرد، کە سەرەتا چەند حزبێکی وەکو(یەکگرتووی ئیسلامی و سۆسیالیست و زەحمەتکێشان و کۆمەڵ) کە لەئەنجومەنی بالای حزبە کوردستانییەکان ئەندام بوون، لەڕێگای مۆرکردنی یاداشتێکەوە خۆیان وەك موعارەزە ناساند، کەچی حزبی شیوعی کوردستانیش کە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو، ئەویادداشتەی مۆرنەکردو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە یاداشتەکە شێکی نوێی تێدانییەو بەردەوام لەهەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی قسەی لەسەر دەکرێ و هەروەها کاتی نووسینی یاداشتی ئەوحزبانە ، هەرێمی کوردستان کەوتبووە ژێر فشاری دەوڵەتانی ناوچەو هەرێمایەتییەوەوە کەحزبی شیوعی خۆی بە بەڕپرس لەو دەستکەوتانە دەزانێت و هیچ کات نایەوێ بێتە فشارێك لەسەر دەستکەوتەکان وسەرەڕای ئەوەش ، حزبی شیوعی پێی وابوو ئەو حزبانەی ئەو یاداشتەیان مۆرکردوە نوێنەریان لەئەنجومەنی بالای حزبەکان هەیەو دەتوانن لەوێ هەموو تێبینی و سەرنجەکانیان بخەنە ڕوو کەچی واناکەن و تەنها بۆ ڕاگەیاندنەکان قسە دەکەن.

لەلایەکی دیکەدا، بزووتنەوەی گۆڕان کە لەنێوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا لەملمڵانێی حزبی دابوون، لەپاش ماوەیەك لەڕێگای چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندندا ، خۆیان وەك بزووتنەوەی جەماوەری موعاریز ڕاگەیاند.

دوای دەست بەکاربوونی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و هاتنە پێشی ئەو ئیستحقاقە دەستوورییانەی دێنە بەردەم حزب و گروپە سیاسییەکانی کوردستان، چەمکی موعارەزەبوون ڕۆشنتر دەخاتە بەرچاو. لەو نێوەندەدا، چەند پرسیارێك دەخرێنە ڕوو لەوانە چەمك و بنەمای موعارەزەبوون چیيە؟ ئۆپۆزسیۆن بەمانای ڕەتکردنەوەی تەواوی بەرامبەر یان ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕی و پرۆژەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی دەسەلات؟ باشە دەسەلاتیش مافی ئەوەی نییە داکۆکی لەدەستەکەوتەکانی بکات؟ ، لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێت موعارەزەی ئیجابیمان هەبێت و خەڵکیش لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێبدات ؟ ..ئایا ئایدۆلۆژیا کاریگەری لەسەر شێوازی موعارەزەبوون هەیە؟ ئایا دیموکراسی دەتوانێ ڕێگا لەئەگەری سەرهەڵدانی تووندو تیژی ململانێی نێوان دەسەلات و موعارەزە بگرێت؟ ئەم پرسیارانەو چەندینی دیکەش هەن کە ڕەنگە بتوانێت وەلامدەرێت بەو ڕەوشەی هەیە، بەڵام لەهەموویان گرینگتر ئەوەیە ئایا ئەو دەستکەوتانەی کەلی کوردستان لەباشور، دەکرێ بۆ خۆدەرخستن، یان بابڵێین بۆ بگرە موعارەزبوونیش بێت، بخرێنە ژێر پرسیاری بوون و نەبوونیان، یان ئەگەری فشاربۆهێنانی بڕەخسێنرێت؟ کە من پێم وایە ئەوە پرسیاری جەوهەریە لەوانەی حەزیان لە دەستەواژەی موعارەزەیە.

بەشێکی زۆری ماددە دەستوورییەکانی تورکیا وەك ماری حەفت سەر لەگەردنی دیموکراسییەت ئاڵاون

م. زرار قادر کەریم

(٨٦) ساڵە چارەنووسی میللەتی کورد کەوتۆتە کێشەیەکی دژوارەوە لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، کەچی ناوەندەی شۆڤێنییە زۆردارەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا هەریەکە لە گۆشەنیگای خۆیەوە زۆر بە سادەیی ناوی ئەم کێشە ستراتیجییە گەورەیە دەبەن، هەر وەك بینیمان لە تورکیا ئەم کێشە گەورەو ئاڵۆزە بە کێشەی PKK ناو دەبەن، کە چۆن لە بەغدای جارانیش بە کێشەی "الجیب العمیل" ناویان دەهێنا، جا خۆ ماددە دەستوورییەکانی تورکیا وەکو قاڵبو بۆنەی دارێژراون تەمەنێکە کەین و بەینی واقیعی کورد و بالای دیموکراسی پێیەوە لە قاڵب دەدەن، چونکە لە ژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ئەو ماددە دەستوورییە وشکانەیە کە بڕیاری پەرلەمانی پێ وەردەگیرێتو هەڵچەرخانە دژوارەکانی پێ ئەنجام دەدەن، بۆیە لە تورکیا گەر هەر پارتو گروپو لایەنێك نەختێ (سەربزێوی بکات) بیەوێت لە بۆتەی دارژاو دەربچێت یەکسەر ئەو ماددە دەستوورییە وشکو بە سفتو سۆیانەن وەکو چەکێك لێ بەکاردەخەن و دەستەکی دژواری لێدەوەشێنن، هەروەك بینیمان بە بیانووی کورد و کوردایەتییەوە یا چەپو مارکسیستەوە یا تەنانەت بە ئیسلامی بوونیشەوە تاکو ئێستا (٢٥) پارتی سیاسی هەڵوەشاندراونەتەوە کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٨ پارتی کارکەرو جووتیاران بوو، هەڵیانوەشاندۆتەوەو دواجاریش لەم ڕۆژانەدا پارتی DTP هەڵوەشاندراوەتەوە.

خۆ کاتێ لە ساڵی ١٩٧١ پارتی کرێکارانی تورکیا داخرا PKK لە ئابی ١٩٨٤ خەباتی چەکداری دژ بە سوپای تورکیا ڕاگەیاند، زۆر بە خێرایی خەباتو بەرخۆدانی ئەم پارتە پەرەی سەندو حکومەتو دامەزراوە سەربازییەکانی تەواو تووڕەو تەنگەفەس کرد، بەمەش بااڵە تووندڕەوە لە خۆبایی بووەکانی تورکیا زۆر داخدارو نیگەران بوون، هەر بۆیە تورکیا بە هەموو بابەتە شێوازێك لە هەوڵی بیرکردنەوەی ئەوەدا بووو کە چۆن بتوانێت، ناوبانگی ئەو پارتە سیاسییە لەکەدارو ناشیرین بکات.. جا خۆ هەر لەم کاتو ساتەشدا کە تەنها (٢) ساڵ بوو PKK خەباتی چەکداری دژی سوپای تورك جارداوبو، لە مانگی شوباتی ١٩٨٦ (ئۆلف پالمێ) سەرۆك وەزیرانی سوید لەناو شاری (ستۆکهۆڵم) تیرۆکرا هەڵبەتە تورکیاش ئەم ڕووداوە سەختەی بە هەڵێکی زێڕین زانی تاکو بیقۆزێتەوەو ناوبانگی PKK ی لە تەواوی پێگەو مەحفەلە دووڵییەکان لەکەدار بکات بۆیە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە یەکسەر موخابەراتی تورکی خۆی گەیاندە لیژنەی لێکۆڵینەوەو پێی ڕاگەیاندن کە PKK دەستی لە تیرۆرکردنی (ئۆلف پالمێ) هەیە ، ئیتر ئەو بوختانو ناهەقییە گەورەیە بۆ تورکیا شتێکی زۆر گرنگ بوو بەزەمینەیێکی زۆر لەبارو گونجاوی زانی تا بە گشت توانایەکییەوە کاری لەسەر بکات بۆ ئەوەی PKK وەك تیرۆریست بە جیهان بناسێنێت، هەڵبەتە ئەمەش دەبێتە ڕێگاخۆشکەرێك تاکو گورزی گەورەتر لە ئایندەی PKK بوەشێنێتو لە ئاکامیشدا بە هاریکاری مافیای نێودەوڵەتی توانی سەرۆکی ئەم پارتە (عەبدوللا ئۆجەلان) دەستگیر بکات، هەرچەندە (ئۆجەلان) لە زیندان ڕایگەیاند کە ئامادەیە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تۆمارکردنی (شایەتیدان) سەبارەت بە دۆسیەی تیرۆرکردنی (ئۆلف پالمێ)و هەروا هەوڵی تیرۆرکردنی (پاپای فاتیکان) کە دەرکەوت ئەمیش بە فیتی موخابەراتی تورکی PKKی پێ تۆمەتبارکرابوو! جا لە ئاکامی ئەو هەمو هەوڵو تەقەللا بەردەوامەی تووندڕەوانەی دەوڵەتی تورك بوو گەرنا چۆن وا بە ئاسانی دەتوانرێت پارتێکی سیاسی کوردی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی مارکسی لینینی بە تیرۆریست بە جیهان بناسێنێت؟ بەڵێ تاکو ئێستاش زۆر لە زلهێزەکانی جیهان کاتێك ناوی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ڕیزبەند دەکەن PKKش لەبیرناکەن! هەڵبەتە ئەمەش هەر لە باڵە تووندڕەوەکانی تورك و ژەنەڕاڵە کۆنەپەرستەکانی ناو سوپا دەوەشێتەوە خۆ لە ئاداری ساڵی ١٩٩٣ کاتێك (ئۆزال) لەپێناو سەقامگیر کردنی ئاشتی هەندێ تەقەللایدا کەچی لە نیسانی هەمان ساڵ کتوپڕ مااڵئاوایی لە جیهان کرد.

ئەمڕۆش کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا کە ئاواتی تەواوی خێرخوازانی تورك و کوردە، بەاڵم هەرگیز نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی زۆربەی ماددە دەستوورییەکانی تورکیا (بەینیان ئاسمانو ڕێسمانە)

بۆیە دەبینین لە گەرمەی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی دەستە تونەڕەوەکانی تورکیا هەڵدەستن بە بەرتەسککردنەوەی زیندانی (ئۆجەلان) هەڵبەتە تەسککردنەوەی زیندانیش بە مانا فەرهەنگییەکەی ئاماژەکردنە بۆ (بەرەو گۆڕبردن) بەمەش دیارە تەواوی میللەتی کوردو DTPش نارەزایی دەردەبڕن خۆ نارەزایی دەربڕینیش لە هەڵسوکەوتی تونەڕەوان بەتایبەتیش تونەڕەوانی تورك یەکسەر وشکە ماددە دەستوورییەکان نیگەران دەکاتو وەکو چەکێکی دژواریش بەکار دەهێنرێت بە بیانووی ئەوەی کە پارتی ناوبراو پەیوەندی لەگەڵ PKK هەیە بەڵگە لاوازو بێ بنەماکەشیان تەنها هەر ئەوەیە کە PKKو DTP و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش کوردنو خاوەن قوربانییەکی گەلێ زۆرن.

جا لە گۆشەنیگای تونەڕەوە شۆڤێنییەکانی تورکیا ئەمە مایەی نیگەرانییە بۆیە ئەم بابەتە هەڵوێستە سلبیانە وەردەگرن، جا لێرەدا وا دەخوازێت کە تەواوی خێرخوازانی تورکیا بە کوردو تەواوی نەتەوەکانی دیکەوە فشارێکی مەدەنیانەی شایستە لە ناوەوەو دەرەوە دروست بکەن بۆ دەستکاریکردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی کە بە ئاشکرا گڕی شۆڤێنیستیانەیان لێ هەڵدەستێتو هەرگیز لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێن!